#SupportKurdistan
تا ژیان بەردەوام بی، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5408) پێنج شەممە 7ی کانونی یەکەم 2017 «16» لاپەڕە «500» دینار

لەندەن.. نوێنەری حکوومەتی هەرێم نامەیەک دەداتە تێریزا مەی

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا ئاشکرای کرد، نامەیەکی تایبەتی بۆ تێریزا مەی، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ناردووە تاوەکو سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بانگهێشتی لەندەن بکات.کاروان جەمال تاهیر، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا، رایگەیاند، لەو نامەیەی کە بۆ تێریزا مەی ناردوویەتی، دوایکردووە سەرۆک بەریتیانیا دەستپێشخەرییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق پێشکەش بکات. بەگوێرەی هەواڵێکی کوردستان 24 لە میانی دانیشتنێکی تایبەتی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەریتانیا، لەگەڵ کاروان جەمال تاهیر نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە پەرلەمانی بەریتانیا بەڕێوەچوو، ئەو بەرپرسەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد ئەوان نیگەرانن بەرامبەر هەڵوێستی بەریتانیا لەدوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و گوتیشی: بڕیاردان لەچارەنووسی خۆت تاوان نییە. کاروان جەمال تاهیر گوتیشی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام داوای دانوستانی لە بەغدا کردووە، بەڵام عێراق بەردەوامە لە ڕەتکردنەوەی ئەو داوایە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی حەیدەر عەبادی دەداتەوە

حکوومەتی هەرێم شەرعییەتی لە پەرلەمانی کوردستان وەرگرتووە و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کایەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە

حکوومەتی فیدراڵ داوای هیچ لیستێکی مووچەخۆرانی نەکردووە و نازانین حکوومەتەکەی عەبادی وردبوونەوە لە کام لیست دەکات!

دەربارەی لێدوانەکانی رۆژی سێشەممە 2017/12/5ی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا باسی لە هەرێمی کوردستان کردبوو، سەفین دزەیی گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی حکوومەت، ڕایگەیاند: بەڕێز عەبادی چەندینجارە باسی ئەوە دەکات گوایە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەنێرێت و بۆ ئەمەش خەریکی وردبوونەوەن لە لیستەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی، بەڵام وەک پێشتریش گوتوومانە حکوومەتی فیدراڵ تا ئێستا هیچ لیستێکی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا نەکردووە، بۆیە ئاگادار نین و نازانین ئەوانە کام لیستانەن کە حکوومەتەکەی بەڕێز عەبادی خەریکی وردبوونەوەیانە؟! خەڵکی کوردستان ئیتر باش لەوە تێگەیشتووە کە ئەوە لە لێدوانی میدیایی بترازێت، هیچی تر نییە، بۆیە هیچ متمانەیەکی بەو قسانە نەماوە.

دەربارەی بابەتی دەروازە سنووربییەکان و بەردەوامیی داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانیش، دزەیی دووپاتیکردەوە کە بەپێی مادەی 114ی دەستووری عێراق، بەڕێوەبردنی دەروازە سنووربییەکان بە تەنیا دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵ نییە، بەڵکوو بە هاوبەشی لەگەڵ هەرێم بەڕێوە دەبرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە ڕامانگەیاندووە کە حکوومەتی هەرێم ئامادەی هاوکاری و هەماهەنگییە.

هەرچی داخستنی فڕۆکاخەکانیشە، ئەوە سزادانی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانە، سزادانی ئەو نەخۆش و پێشمەرگانەیە کە لە کاتی بەرگری لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق لە شەڕی دژی داعش بریندارببوون و پێویستییان بە چارەسەرە لە دەرەوەی وڵات.

دەربارەی لێدوانەکانی رۆژی سێشەممە 2017/12/5ی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا باسی لە هەرێمی کوردستان کردبوو، سەفین دزەیی گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی حکوومەت، ڕایگەیاند: بەڕێز عەبادی چەندینجارە باسی ئەوە دەکات گوایە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەنێرێت و بۆ ئەمەش خەریکی وردبوونەوەن لە لیستەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی، بەڵام وەک پێشتریش گوتوومانە حکوومەتی فیدراڵ تا ئێستا هیچ لیستێکی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا نەکردووە، بۆیە ئاگادار نین و نازانین ئەوانە کام لیستانەن کە حکوومەتەکەی بەڕێز عەبادی خەریکی وردبوونەوەیانە؟! خەڵکی کوردستان ئیتر باش لەوە تێگەیشتووە کە ئەوە لە لێدوانی میدیایی بترازێت، هیچی تر نییە، بۆیە هیچ متمانەیەکی بەو قسانە نەماوە.

دەربارەی بابەتی دەروازە سنووربییەکان و بەردەوامیی داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانیش، دزەیی دووپاتیکردەوە کە بەپێی مادەی 114ی دەستووری عێراق، بەڕێوەبردنی دەروازە سنووربییەکان بە تەنیا دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵ نییە، بەڵکوو بە هاوبەشی لەگەڵ هەرێم بەڕێوە دەبرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە ڕامانگەیاندووە کە حکوومەتی هەرێم ئامادەی هاوکاری و هەماهەنگییە.

هەرچی داخستنی فڕۆکاخەکانیشە، ئەوە سزادانی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانە، سزادانی ئەو نەخۆش و پێشمەرگانەیە کە لە کاتی بەرگری لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق لە شەڕی دژی داعش بریندارببوون و پێویستییان بە چارەسەرە لە دەرەوەی وڵات.

دەربارەی حکوومەتی هەرێم و کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش کە بەڕێز عەبادی باسی کردووە، بەڕێز دزەیی گوتی: کاتی ئەوەمان نییە باسی ئەو هەموو کێشە و کەموکوڕیانە بکەین کە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەی بەڕێز عەبادییەوە بەرۆکی حکوومەتەکەی گرتوون، ئەمە بابەتی ئێمە نییە و هیچ سوودێکیشی بۆ ئەم دۆخە نییە. دەربارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئەوە هاوواڵتیبوونە؟!!

دەربارەی حکوومەتی هەرێم و کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش کە بەڕێز عەبادی باسی کردووە، بەڕێز دزەیی گوتی: کاتی ئەوەمان نییە باسی ئەو هەموو کێشە و کەموکوڕیانە بکەین کە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەی بەڕێز عەبادییەوە بەرۆکی حکوومەتەکەی گرتوون، ئەمە بابەتی ئێمە نییە و هیچ سوودێکیشی بۆ ئەم دۆخە نییە. دەربارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئەوە سەفەرکردن لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانی بەغدا، یان شارەکانی دیکەی عێراقەوە هێندە ئاسان نییە وەک بەڕێز عەبادی باسی دەکات، هەم تێچووی سەفەر لەسەر هاوواڵتیبان زیاد دەکات، هەم کاتێکی زۆریان دەگرێت. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هاوواڵتییەکی بەغدا، یان نەجەف، یان بەسرا مافی ئەوەی هەیە لە شارەکەی خۆیەوە ڕاستەوخۆ سەفەری دەرەوەی وڵات بکات، بەڵام هاوواڵتییەکی هەرێم ئەو مافەی نییە؟! ئەمە کوێی هاوسەنگییە؟!!

دەربارەی حکوومەتی هەرێم و کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش کە بەڕێز عەبادی باسی کردووە، بەڕێز دزەیی گوتی: کاتی ئەوەمان نییە باسی ئەو هەموو کێشە و کەموکوڕیانە بکەین کە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەی بەڕێز عەبادییەوە بەرۆکی حکوومەتەکەی گرتوون، ئەمە بابەتی ئێمە نییە و هیچ سوودێکیشی بۆ ئەم دۆخە نییە. دەربارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئەوە سەفەرکردن لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانی بەغدا، یان شارەکانی دیکەی عێراقەوە هێندە ئاسان نییە وەک بەڕێز عەبادی باسی دەکات، هەم تێچووی سەفەر لەسەر هاوواڵتیبان زیاد دەکات، هەم کاتێکی زۆریان دەگرێت. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هاوواڵتییەکی بەغدا، یان نەجەف، یان بەسرا مافی ئەوەی هەیە لە شارەکەی خۆیەوە ڕاستەوخۆ سەفەری وڵات بکات، بەڵام هاوواڵتییەکی هەرێم ئەو مافەی نییە؟! ئەمە کوێی هاوسەنگییە؟!!

دەربارەی حکوومەتی هەرێم و کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش کە بەڕێز عەبادی باسی کردووە، بەڕێز دزەیی گوتی: کاتی ئەوەمان نییە باسی ئەو هەموو کێشە و کەموکوڕیانە بکەین کە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەی بەڕێز عەبادییەوە بەرۆکی حکوومەتەکەی گرتوون، ئەمە بابەتی ئێمە نییە و هیچ سوودێکیشی بۆ ئەم دۆخە نییە. دەربارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئەوە سەفەرکردن لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانی بەغدا، یان شارەکانی دیکەی عێراقەوە هێندە ئاسان نییە وەک بەڕێز عەبادی باسی دەکات، هەم تێچووی سەفەر لەسەر هاوواڵتیبان زیاد دەکات، هەم کاتێکی زۆریان دەگرێت. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هاوواڵتییەکی بەغدا، یان نەجەف، یان بەسرا مافی ئەوەی هەیە لە شارەکەی خۆیەوە ڕاستەوخۆ سەفەری وڵات بکات، بەڵام هاوواڵتییەکی هەرێم ئەو مافەی نییە؟! ئەمە کوێی هاوسەنگییە؟!!

فازڵ میرانی لەگەڵ شاندێکی کونسوڵخانەی بەریتانیا کۆدەبێتەوە

لوسی سمیس: دەبێت کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن

دوێنێ چوارشەممە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە لوسی سمیپ، بەڕێوبەری بەشی سیاسی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان کرد. لەم دیدارەدا دوای بەخێرهێنانی میوان، فازڵ میرانی باسی لە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری هەرێمی کوردستان و عێراق و پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکان بەتایبەتی دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم و هەڵوێست و کردارنەوەی نادەستووری حکوومەتی عێراق کرد . هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی ئاماژەی بەوەشدا کە هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی ریفراندۆم بێ ئومێدی خەڵکی کوردستان بوو لە جێبەجێ نەکردنی تەواوی ماددەکانی ئەو دەستوورەی کە کورد پشتگیری کرد و ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دامەزراندنی حکوومەتی نوێی عێراق پاش ساڵی 2003 و ئاڕەزوومەندانە بەشداری لە پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی و تەوافوقی و بە لەبەرچاوگرتنی مافی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق و جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان بەپێی دەستووری پەسەندکراوی هەموو لایەنەکان کرد، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە عەقڵ و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتە نەک میکانیزمە، چونکە ئەوان بە ویست و خواستی خۆیان کار بە ماددەکانی دەستوور دەکەن بۆ مەرامە تایبەتی و بەرژەوەندییەکانیان نەک جێبەجێکردنی تەواوی دەستوور.

دواتر میرانی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، یەکڕیزی لایەنە سیاسییەکانی زۆر بە گرنگزانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێک و دەبێت ڕێکخستنی نێومالی کورد لە کارە سەرەکییەکانمان بێت. لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری بەشی سیاسی کونسوڵخانەی بەریتانیا سوپاسی سکرتێری مەکتەبی سیاسی کرد بۆ ئەم دیدارە و تەئکیدی کرد کە گرنگە کێشەکان لە ڕێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکرێت و نابێت دەست بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی ببرێت.

ڕووسیا: کۆمپانیاکانمان لە هەرێمی کوردستان بەردەوامن لە کارکردن

وەزیری وزەی ڕووسیا ڕایدەگەیەنێت، بەغدا هیچ ئاستەنگێکی بۆ کارەکانی کۆمپانیای گازپرۆم نەفت و لۆک ئۆیل، لە هەرێمی کوردستان دروست نەکردووە. ئەڵکسەندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاندووە، کۆمپانیای گازپرۆم نەفت لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان دوو پرۆژەی لە ناوچەکانی شاکەل و گەرمیان هەیە. گوتیشی، کۆمپانیاکە ماوەیەکی زۆر پێش دروستبوونی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەستی بە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کردووە. بە گوێرەی وەزیری ڕووسیا ڕاشیگەیاندووە، تاوەکو ئێستا لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە هیچ ئاستەنگێک بۆ کارکردنی کۆمپانیای گازپرۆم لەو دوو پرۆژەیەدا دروست نەکراوە و لەو باوەڕەدایە کارەکانمان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ حکوومەتی عێراق نییە.

گۆشارەکان بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی زیاتر دەبن

گۆشارەکان بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی زیاتر دەبێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕێکاری تایبەت لەو بارەوە دەگرێتەبەر. ئومێد سالح، گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە خەباتی ڕاگەیاند: پێشووتر داوامان کردووە کە دەبێت فڕۆکەخانەی هەولێر بکرێتەوە و لەو بارەوە نووسراومان ئاراستەی بەغدا کردووە، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە و تائیستاش هیچ شتێکی فەرمیمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام هەولەکانمان بۆ کردنەوەیان بەردەوامی هەیە. هاوکات ریناس جانۆ، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە خەباتی گوت ئاگاداری هەموو لایەکمان کردووەتەوە، لەوەی کە بەغدا ئابڵوقەی ئاسمانی کوردستانی داوە و لە داهاتووش ڕەنگە پەنا ببرێتە بەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەورووپا، چونکە ئێستاش گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەو بارەوە زیاترتر بووە. چەند ڕۆژێک دوای ریفراندۆمی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان، کە لە 25ی ئەیلوولی ڕابردوو ئەنجام درا، حکوومەتی عێراق کارەکانی هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سلێمانی ڕاگرت.

دکتۆر سێس فراتزمان: پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد لە پاریسەوە دەرەنجامی سەرکەوتووی هەبوو

3

ڕوانگە و سیاسەتی سەرۆک بارزانی لە کۆڕبەندی سیاسەتی دەرەوەی بەرلین خرایەڕوو

هێمن هەورامی، لە کۆڕبەندی سیاسەتی دەرەوەی بەرلین، هەولەکانی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆ و دانوستان خستەڕوو و گوتی، لە هەر بارودۆخێکدا بێت هەرێمی کوردستان دەست لەو ناوچانە هەڵناگرێت کە لە ڕێگای هێز و ڕێگاخۆشکردنی چەند بەرژەوەندیسازێک کەوتونەتە ژێردەستی میلیشیاکانی شیعەوە.

ڕۆژی 2017/12/5 کۆڕبەندی فاوەندەیشن، کە بە کۆڕبەندی سیاسەتی دەرەوەی بەرلین ناسراوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، دەستی بە کارەکانی کرد. لەسەر بانگهێشتی فەرمیی کۆڕبەندەکە هێمن هەورامی بەرپرس لە کاروباری سیاسی و پەیوەندییە گشتییەکانی مەکتەبی سیاسی سەرۆک بارزانی، تێیدا بەشداربوو. کۆڕبەندەکە کە 250 دیپلۆمات و سیاسەتوان و لێکۆڵەری پەیوەندیی نێودەوڵەتی تێیدا بەشداربوون، بە وتاری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دەستی بە کارەکانی کرد. هەروەها چەندین پانێڵ و دیبەیت ئەنجامدران، لە نێویاندا هێمن هەورامی ئەو ڕەوشە سیاسی و سەربازییەی کە هەرێمی کوردستانی پێتیدا تێپەڕ دەبێت و کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە ڕوانگەی سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستانەوە خستەڕوو. هەورامی لە زۆرێک لە پانێڵەکاندا هەڵوێستی سەرۆک بارزانی لە هەمبەر ئەو ڕەوشەی کە ناوچەکەی تێکەوتووە خستەڕوو، لەوەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ گفتوگۆ و دانوستاندایە و هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بەردەوامە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە هەرێمی کوردستان ریفراندۆم بە هەڵە بزانێت و دەست لەو ناوچانە هەڵبگرێت کە لە ڕێگای هێز و ڕێگاخۆشکردنی چەند بەرژەوەندیسازێک کەوتونەتە ژێر دەستی میلیشیاکانی شیعەوە.

ئەو وەبیری هێنایەوە، کە کورد لە 2003دا عێراقێکی فیدراڵ و دیموکرسی لەسەر بنەمای تەوافوق بنیاد نا، بەڵام ئێستاکە لەبری یاسا و دەستوور، فەتوای مەرجەعەکان و مەزهەب سیاسەتی حکوومەتی بەغدایە. بەڕپرس لە کاروباری سیاسی و پەیوەندییە گشتییەکانی مەکتەبی سەرۆک بارزانی گوتیشی، ئێمە هەڵگری ئەمانەتێکین کە جەماوەری کوردستان ڕادەستی کردووین تا وەدیهێنانی وچان دەدەین، بەڵام سازش ناکەین.